# لێوی مەراق



**لیژنەی سەرپەرشتیاری زنجیرەی چاپ**

- ئەحمەد تاقانە
- حەمەسەعید زەنگنە
- یوسف لەتیف


چنوور نامیق حەسەن

# لێوی مەراق

شیعر



ناوی کتێب: لێوی مەراق – شیعر
ناوی شاعیر: چنوور نامیق حەسەن
لە زنجیرە کتێبی دەزگای شەفەقی رۆشنبیری – کەرکووک، ژمارە (٢١)
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: زەینەب ئەحمەد
پیت لێدان: حەسەن نامیق
چاپی یەکەم – ٢٠٠٩
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ



گوڵە پایزییەکان ڕەنگیان بردی

هەفتەیەک دوور لە گەشتەکەی ماڵی شیعر
دوا روخسەتی ژیانی دا
هەفتەیەک پاش دەسگوشینی شیعرە گوناهەکانی قیامەت
ئەو کەوتە ڕێ
ئا ئەوەتا هەناسەیەک دێت و دەچێت
پڕە لە نۆتەکانی غەریبی





ناڵینێک سنوورە دەسکردەکانی ژیان دەبەزێنێ و
نایەتە گۆ
شیعرێک ماڵئاوایی دەکا و حاڵ دەیگرێ
مەحفەلێک لە قەسیدەکانی خومار بوون
شین دەگێڕێ
شینێک پڕە لە پەیڤە رەنگ پەڕیوەکانی عەوداڵ بوون
ئا ئەوەتا شیعری شین پۆشی ئازیزان

هۆن هۆن ژیانی لێ دەرژێ

تۆ هاتیت و گەڵای چامەیەکی لیمۆییت

لە هەفتەیەکی بێ بەڵێن بە پەنجەکانت کردەوە

تۆ کە هاتیت نامۆیانە لە دەستەکانت رادەمای

تۆ کە هاتیت لاسکی گوڵە پایزییەکان

رەنگیان بردی





ژووان نەبوو چاوت لە ئارامی پڕ کرد

گەر دەمزانی ئەوە مۆڵەتی مەرگێکی بە ویقارە

چەپکێ شیعرم

بۆ بەهەشتەکانی ئەو دیو پێ دەناردی

گەر دەمزانی ئەوە دوا کۆڕی ژیانە

شیعرەکانی ئەو مەحفەلەم لە رۆینتا دائەگیرسان

هەفتەیەک لەنێوان ئەمدیو و ئەودیوی ژیان

تۆ گەڕانەوەت بەجێهێشت

دەنگی مەرگ دێ
مەرگێک بە شوێن رەنگاو رەنگی شیعرا
پرچی چامەکانی فیراق شانە دەکا
گشت غروبێک لە باخچەکانی شیعرەوە
پێکەنینێکت دەوەراند
هەفتەیەک لەنێوان ئەمبەر و ئەوبەری ژیان
شیعرەکانت لە خۆزگە زەردباوەکانی
کچێکی بێ پەنا دەچوو





هەرای قەسیدەی بێ پەنا چاوەکانی کاڵ کردمەوە
هەفتەیەکی تەیماناوی لەنێوان من و چیا حەسرەتی وەریو
بۆ هەفتەیەک تۆ روخسەتی ژیانت دا
ئاخر هاوڕێ پێم نەوتی
تاو توی چەپکە خەمەکانی شیعر
پایزانێ سەر ناگرێ
هەفتەیەک دوور لە زەمەنی باخچەی شیعر
قومێ زەردەخەنەی نامۆت
بەدیار پایزەوە هەڵدا

ئاخ هاوڕێ ئاخ

پێم نەوتی

ماڵێک لە گەڵاکانی شیعر بێ زوو دەوەرێ

پێکەنینێک لە ویژدانەوە هەڵبقوڵێ

زۆریش نابات

ناڵەیەک لە سەکۆکانی شیعرەوە بێ

زۆر بڕ ناکا

ئاخ چ مۆڵەتێکی کورت بوو، ژانی شیعر






ئەمە چییە ئەم سەخاوەتە ئەی مەرگ

دەبا لە باخچەکانی ئەمدیویش

باوەشێ خەونی بدیایە

ئەوسا گەڵای زەردی عومری

بوەرییایە



خۆم و مەملەکەتی شیعرم مەڕوخێنە

## بەشی یەکەم

ئەم رۆحە یاخییەی بوونم
هەتاکو دێ باڵا دەکا
تۆ بەسەرچوویت تاڵە سپێکانی غروورت
نامشکێنێ



چنوور نامیق (٢)



لێرە بڕۆ
بۆ ئەو شوێنەی کە داهۆڵەکان سەروەرن
تۆش هەر هیچ و
سەری پووچییەکانی پێش نیاندرتال دەدۆزی
ئا لەو شوێنەی
کە هەموو شتێک بۆ نانە
لە تفی پیاوانی پاڵ سێبەر هەڵناخلیسکێم
ئا ئەم رۆحە رەهایەی من
لە رووی قینی شاگەشکەی تۆ
باڵ دەرئەکا و هەڵئەفڕێ

لێم بەرەوە
با حەرفە پیرۆزەکانی شیعرم لە کچێنی نەکەون و
بەوڕێنەکانی سەر لێوت نەکوژێنەوە
ئا لێرەوە تا ئەو شوێنەی
کە هەموو شتێک بۆ نانە
نەفرەت لەوشە ئاڵۆزەکانی غرورت دەکەم





نازانم تۆ بۆ ئەوەندە فرە رەنگی
دەمێ لە مێردەزمەکانی تاریکی دەچیت
دەمێکیش لە جەندرمە تێکشکاوەکانی
کەناری شەڕگەیەکی کۆن
ئا لەو شوێنەی کە هەموو شتێک بۆ نانە
پووچی غرورت دەخواتەوە
جوانی ، قەڵەم ، دۆستایەتی
هەڕاج دەکەی
ئەی سەروەری داهۆڵە ترساوەکانی پاڵ شیعرێکم

گەر دەتوانی
هەرچی ئەمارەتی من و بیرە تاریکەکانی (یوسف)ە
دایڕوخێنە
هەرچی ساتە خوازراوەکانی ڕۆحمانە بیبەرەوە





جارێک وەرە بۆ ئەو شوێنەی کە هەموو شتێک خەیاڵە بمدۆزەوە
تەماشام کە ، هۆن هۆن ژیانم لێ بکڕە
تا لە نیگا وێڵەکانی روحیانەتم، فێری پاکیزەیی دەبی
گەر ویستیشت وەکو من بیت
قومێ لە ئاسوودەیی شیعرێکم بخۆرەوە
من زەدەی چاوی بارانم. وشکە ساڵی ناگرمە خۆ
چامەیەکی پرچ درێژی پاش شەڕێکی ساویلکەی تۆم

لەلاپەڕەی دەنگوباسە سواوەکانی پووچیتا
بۆ ساتێک ناگیرسێمەوە
وەرە ئەوەی کەنایگەیتێ
لە خەونە سەوزەکانی یوسفدا بیچنەوە
لەگەڵ بۆنی هەر بارانێک، بۆ نیگاکانم بگەڕێ
لەگەڵ توڕەیی هەر بایەک وەرە و
ژاڵاوی حەرفێکم بخۆرەوە،





تێر نیگام بە
تا دەبیتە موریدێکی خەواڵووی چاوی  شیعرێکم
چاوەڕوان بە..
گەر دەتەوێ پەیامە سواوەکانت
بدەیتە گوێی پەیڤەکانی ئاسوودەییم
ئەوە ڕێگامان جیاوازە و
بۆ لای ئاسۆی باڵندە دەردەدارەکانی سەحەر هەڵئەکشێم

تۆ نامگەیێی
لێرەوە تاکو ئەو شوێنەی کە هەموو شتێک بۆ نانە
نەفرەت لە دیدارت دەکەم
ساتێک وەرە و هەرچی لە مەملەکەتەکەمە و هی تۆ نییە





هەڕاجی کە
ساتێک وەرە هەرچی مەملەکەتی منە
بیرِوخێنە
بەڵام هێواش
نەوەک لە شیعرێکی یاخیم هەڵبخلیسکێی

کەرکوک ٨ مارت

## بەشی دووەم

پەیامێک
بە باڵی شیعرێکمەوە
بۆ داهۆڵپەرستێک دەنێرم
ئەو پیاوێکە
بۆنی گەمژەیی
لە حەرفەکانی ئاوەدانیدا جێدێڵێ
پیاوێکە لە نەسلی جانەوەر
بە گامۆڵکێ بەرەو مەملەکەتی شیعرم





خۆی کێش دەکات
وردە بەردی زەمینی داهۆڵانی
تێدەگرێ
لێ بەردەکانی کورت دێن و
نایگەنێ
ئەو لە بەردەم درەختی شیعرێکما
هەڵدەکورمێ
دەمی بۆ میوە مرزەکانی
ئاودەکا

چاوی بێزوو
بە بڕینی میوەکانێوە دەکات و
نایگاتێ
پیاوێک لە نەسلی جانەوەر
بۆن بەدەستەکانمەوە
دەکات





بۆنی یاخیبوونم کاسی دەکات
مشتێ تۆزی پێش نیاندرتال
لە چاوی کچە شیعرێکم دەکات
لێ زەردەخەنە دەمگرێ و
بەرەو مەملەکەتی
شیعرێکی یاخیتر
ملدەنێم
وەکو پوشی دەم بیابان
لە چاوەکانم ون دەبێ

ئەو هەمیشە
بە بەردی داهۆڵان
رەجمم دەکا و
بە شیعرێکمەوە ژان دەیگرێ
لە خەونیدا
حەرفێکی پاکیزەم راودەنێ
لێ پێیەکانی هەڵیناگرن
لە بەردەم زەردەخەنەیەکی پاکیزەمدا
وشک دەبێ
پیاوێک بە جوتێ پۆستاڵی





جەنگاوەرێکی شکاوەوە
دێتە ناو ماڵی
شیعرێکمەوە
وەلێ حەرفێکی قەتیسی
لێوم
راوی دەنێ
لێوەکانی بەدەم دروودی
فریشتەی چامەیەکمەوە
وشک دەبێ
پیاوێک لە نەسلی ژنە قەرەجییەکی
نەفام
پرچی کچە شیعرێکم دەگرێت و
بەناو گومانە پووچەکانیدا
کێشی دەکا
وەلێ حەرفە بریقەدارەکانی پرچم

دەستەکانی کۆت دەکەن و
لێی نابنەوە
پیاوێک لەبەر هەیوانی شیعرێکم
پێک هەڵئەدا و
زوو دەخڵەفێ
پێکێک بۆ چاوی
رووخانم
یەکێکی دیش
بۆ شکاندنی خامەکەم
ئەو لە مێژە لە گوڵاوی حەرفەکانمدا
خزاوە
ئەو هەمیشە سەری پووچیەکانی





بەر لە مێژوو دەدۆزێ
گیانی پڕە لە مێژووی
وشەی گەنیوی پاش پیربوونی
ئەو دێت و بە دەستە
مردووەکانی
ئاماژە بۆ تیشکی چامەیەکم
دەکات
کەچی پەنجە سیحرییەکانی
لە مێژە لە کار کەوتوون
جانەوەرێک لە نەسلی دێوەزمە دێ

خەون بە تورەیی روخسارمەوە
دەبینێ
ئەو هەمیشە
بە تەشی دەستی پیرەژنان
لەسەر ئیقاعی رابوردوو
داهاتووی خۆی دەناسێنێ
بە نیوە چاو
بە حەرفە جوانەکانی لێوانم
هەڵئەڕوانێ
نابینایانە ملدەنێ
تاکو بەری نەوەکامی
باخی شیعرم لێکاتەوە
لێ دەستی بە قژی





شیعرێکی ترمەوە ئاڵۆسکاوە و
تێم دەڕوانێ
پیاوێک بە عورفی دارستان
پشکی شێری بەرکەوتووە و
دەیەوێت
بەناو باخچەی شیعری منیشدا
وەکو راهیبێکی جێماو
پیاسە بکات
ئەمێستا مەملەکەتی شیعرم

چۆڵە لەئەو
تەنها بە دەمامکەوە دووم دەکەوێ
لە داڵغەی باخی شیعرێکما
هەڵئەخلیسکێ
سەگوەڕی ناو تاریکایی
لەزەینی ئاوەدانیدا پووچە
هەرگیز کانی قەسیدەکانم
لێڵ ناکات
کوێڕا ون بووی
لە ژێر ناوێک لە نەسلی جانەوەراندا
پوکایتەوە
دەستەکانت لە سڕینەوەی هەڵبەستێکما دۆڕاند






چاوەکانت لە تیشکی یاخیبوونمدا
لێل داهاتن
پێکانت لە سەنگەری چامەیەکما
لێ بەجێما
ئەمجارەیان

بۆ کوێ سەری شکستەکانت
هەڵئەگری
تۆ لە پیتێکی تیشکاویم
کوژایتەوە
لە مەملەکەتی داهۆڵانا سەروەری
ساتێک مەیە و
لە هێمنی یوسفمدا
وڕێنەکانت مەدوێنە
بێزوو بە میوەکانی شیعرەوە
مەکە
بە جووتێ پۆستاڵی جێماوی





جەنگاوەرێکی دۆڕاوەوە
حەرفی جوانم مەڕووشێنە



لە ئارامیم سەبر بگرە

سەبر بگرە و
لە بێقەراری عومرمدا
بەبا مەچۆ
ئێوارەیەکی شپرزە
لە کۆشی خەزانی وڵات
قسەکانم تەواو دەبێ





کە زەمەنیش
هۆن هۆن
لە تاراوگە دەڕژێ
دەستێکم شۆڕەبی ئاسا
حەسرەتەکانم
دەڕێژێ
چاوانم شوێنکەوتەی فیراق
کە تۆ دەڕۆی
لە خەمی وشکبوونی نیوەڕوان
سەبر بگرە

لە چاوانم جریوەی
بێستانەکانی عیشق
کۆکەرەوە
بە بارانێک
لەناو رۆحما سەوز بەرەوە
ئەو درەنگەی
بۆنی لەناوچوون دەگرم و
پێت مەست دەبم
قسەکانم تەواو دەبێ...





پیتەکانم
بەر لە رۆح دەرچوونی وەرزێک
بەبا دەچێ
ئەوە چاوم
بیکە بە تاراوگەی مۆمێک
کەرەم کەو
لە پێکی هەڵچووی عومرم
بخۆرەوە

زەردەخەنەم
لە ئاوابوونی روخسارت دەربەدەرە
رۆژەکانم لە پێکە شکاوەکانی
تەمەن
قەرار بگرە
بەڵێن دەدەم
وەرزێکی دی قسەکانم تەواو دەبێ





کاتێ شەڕگەکانی ژیان
دەبنە باخچە
ئەو دەمەی پێکەنینم باڵ دەگرێ و
لەبەر پێی مەملەکەتی خەو
خەونە پووچەکان وەدەرنێم
سەبر بگرە و
لە خەمی رووم ئاوا مەبە
بە تێڕامان لە ئاشنابوونی
هەنگێک و ماڵی گوڵێک
زەمەن دەکەمەوە وڵات
ساتژمێرە خاوەکانیش
تێکدەشکێنم
تاکو زووتر رۆژ ببینم
کە چۆن تەرمی شەوێکی جەنجاڵ
هەڵدەگرێ و
رێ دەرناکات...

شەوێک وەک جەلادەکانی
جەستەم
وەکو چرپە و ئاخەکانم
لە سەرەتا
شەوێک کە هەموو جێ پەنجەی
بە جەستەمەوە
شین دەنوێنێ!!





لە دووری تنۆکە حەزەکانی
شەونم
لە چاوانم
دەخواتەوە
وەرزی باخان قسەکانم تەواو دەبێ
کە تۆ لە بیناییم دەڕژێی
تەنها ئەوکات
بێدەنگ دەبم
سەبر بگرە

لە سێبەری شۆڕەبییەکی
ماڵی من
بەبا مەچۆ
کە وەرزی دەستم دەگرێت
گەڵای شۆڕەبی دەبارێ
چاو هەڵدێنم
بەسەر ئاودا رادەکەم و
شوێن قەبیلەی درەخت کەوتووم





ڕۆژێکی دوور
قسەکانم تەواو دەبێ
کە ئەو گەڵایەی دەستی تۆ
لە کۆشی ئاو بقۆزمەوە
قسەکانم بەر لە کۆچی ناوادەی خێڵ
تەواو دەبێ
پاش بەڕێکردنی تەرمی
نارنجی نیشتیمان
سەبر بگرە و
بە شوێن وێرانە دەواران
سەر هەڵمەگرە..

من لەوێدا
تەنها وەکو نازنازەکان
بەرەو رووی تۆ دەکرێمەوە
لە بۆ کێهان زەمین ئۆغر
تاکو ماڵێک لە مەغریبان
بۆ ئەوێندەر
بگوێزمەوە
وەنەبێ ئاشنایەتیمان
لە پاڵ گوڵێکی عەیارا
بەجێ مابێ
خۆ باخچەکان
لە شینایی بێ ئاسمانی
مەیلم دەچن





دڵنیابە
قسەکانم درەنگانێ
تەواو دەبێ
بەڵام پاش زەمەنێکی تر
ساتژمێرە کۆنەکان
دێنمەوە سەر پەنجەرەکانی
پێش رۆین
ئەو پەنجەرانەی وەک دڵم
بوونە بە ماڵی تاریکی..

سەبر بگرە
تا پەنجەرە جێماوەکان
بە دەستی سپی جارانم
نەکەمەوە
قسەکانم تەواو نابێت
سەبر بگرە





لەوانەیە ئەم گریانەم
لە سەبووریت بکوژێتەوە
ئەوسا لە پاڵ
جەستەی ماندووی رۆژەکانمان
قسەکانم دەست پێ بکەم
لە پێش ئەوەی قسەکانم
تەواو ببێت
زیکری گوڵە عەیارەکان
لە رۆح دەگرم

پڕ بەفیغانی دەروونم
نوقمت دەکەم
ئا لەوێدا
زیکری شێتانەی ئەستێرەو
رژانی مانگ
بەتاڵ دەبێ
دوور لە کوژانەوەی روخسارت
شەو هەڵدەکەم
بەخۆشی پەنجەکانتەوە
تەیمانی گوڵان هەڵدەخەم
لەقەد پاڵی ژووانێکمان
قسەکانم دەست پێ دەکەم
لە رووتبوونەوەی دارێک و
قەدی وەرزی سەمایەک...





وشەکانم
ئێوارەیەکی فرە دوور
لێوم دەکاتە هێلانە
کە زەمەن سەری هەڵدەگرێ و
رێگا هەنگاوی بەباچووم
لێ دەگۆڕێ ئا لەوێدا قسەکانم
دەست پێ دەکەم !



# پێکێک زەمەن درەنگ بخات

پێکێکم بۆ تێکە
جیا لە پێکەکانی ساڵان
پڕ بێت لەو تەمەنەی پێکەوە سووتانمان
مۆمێکم بۆ پێکە
جیا لە کریسمسە زۆرەکانی نێوانمان
پڕبێت لە بێهۆشی و
خاڵی لە باوێشکی ژیان
گۆرانییەکم بۆ بێژە
بێزار لە وەرزی پیربوونمان





پێکێکم بۆ تێکە
لە سێڵاوی گەزندە بێت
سەرت بنێ بەسەرمەوە
لە پیاسەیەکی بێ پەنای
ناوەختانێکمدا هەڵبێ
پێکەکانم پڕکە لە خەونی بەرەڵڵا
چاوت ببڕە ناو چاوانم
شەوی دووری ئەم حەسرەتەم
رۆژکەرەوە
دە سەر بنێ بەسەرمەوە...
هاوڕێ دەستی خەمێکی پێرۆکەم بگرە و
رۆژەکانم بکە رێگا
نازانم بۆ بەلای تۆوە
زەمەن هەر بە مناڵی پیر دەبێ

پێکێکم بۆ تێکە
پڕ بێت لە داهاتوو
بۆ هەمیشە لەوسەری کۆڵانەکانی مناڵیمان چاوەڕێم
تۆش وەکو پیاوێکی تەمەن دیدە
ساتە بە تامەکانی ژیانمان درەنگ دەخەی
***





پێکێکم بۆ تێکە
تامی چاوەکانت بدات
بۆنی راموسانمانی لێوە بێت
با چیدی لەسەر نەغمەی درەنگ کەوتنی عەشق
نیوە مردوو نەرەقسم و پەنا بۆ
درەنگانێکی بێ گیان نەبەم
با چیتر داخوازی ساتە خامەکانت نەکەم
***

شەوێکم بۆ بێنە لە ڕەنگی بێ تۆیی
کراسێکم بە باڵاکە
وەرزی ژیانی پێوە بێت
قومێ سۆزی ناوەختێکم
لەناو دەستت بۆ ڕاگرە
پڕ بێت لەو پیتانەی لە نێوانماندا دەگرێن
ساباتێکم بۆ جێبێڵە
وەک ڕۆژەکانی بەسەرچوون بمرێنجێنێ
ئاخ هاوڕێ گیان
چەند ئەستەمە بەڕێکردنی وەرزی ئاخ





لە جەستەمدا
چەند تاریکە چاوەڕوانی لە پاڵ باوەڕ نەهێنان بە ئەوین
چەندە وێڵە پێکەنینم لە پاڵ کۆچی بە پەلەی خەو
شەوێکم بۆ بێنە لە پرچی بێ نازم بچێت
هەر داوێکی بۆنی گوڵێکی عەیاری
پێوە بێت

هاوڕێ پێکێکم بۆ تێکە
لەو پێکانەی
تاوێک زەمەن درەنگ دەخەن و
سەری عەشقم سپی دەکەن
شەرمێکم بە بەرکە
لە ویقارتا بمخەوێنێ
چاوێکم بدەرێ و چاوێکم لێ سەنە
تا لە دوورکوژی نیشتیمان
خۆم بە درۆ بخەمەوە

***





پێکێکم بۆ تێکە
پڕ بێت لەڕژانم
تازە کات نەما بۆ روانین
دەستێکم بدەرێ و..
دەستێکم لێسەنە
تا بتوانم ئاماژە بۆ پێکەوبوونی
زۆرمان بکەم
هاوڕێ خۆ تا ئێستاش ئێمە وزەمەن دراوسێ بووین
کوێرا بە تەنیشتمانا تێپەڕی

***

پێکێکم بۆ تێکە
دەمەوێ زەمەن زوو گەورەکەم
کاتە ئاوییەکانی ژیان بخۆمەوە
بەڵام ئازیز
تا پرسیاری ژمارەی پیتە رژاوەکانی عەشق دەکەم
تا برژانگم لە ساردوسڕی نیگایەکتا دەتروکێنم
نمە نمە دائەچۆڕێم





تۆ خۆت وتت:
"ئەو هەورانە بکە بە ماچ"[١]
ئاخر ئازیز
ئەوان بە بارتەقای بێنازی من باڵان
لە چاوم زیاتر بێ پەنان